

# دروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئیسناد سەرەتای تێکدانی پرۆسەی سیاسی و هەوڵێک بۆ دوورکەوتنەوە لە فیدرالیزم

●●●

**چاودێرانی باردۆخەکە ئەم هەوڵەی د.مالیکی لە یەک ئامانجدا دەخوێننەوە کە ئەویش بەهێزکردنی حزبی دەعوا و هێشتنەوەی پۆستی سەورک وەزیرانە بەدەستی حزبی دەعوەوە بە هەرێگا و بە هەر نرخێک بێت**

●●●

پێدەچێت دروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئیسناد بۆ سەرۆك هۆزەکانی شیعە و هەندیك لە سونەکانی ناوچەی موسڵ کاردانەوەی د.نوری مالیکی بێت وەك سەرۆك وەزیران بەرامبەر ئەمریکا دژی ئەنجوومەنی سەحوەکانی عەشائیری سونە و هەروەها کاردانەوەی د.نوری مالیکی بێت وەك حزبی دەعوا دژی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق و رێکخراوی

بەدر کە باڵادەستـیەکی تەواویان لە نێو پارێزگاکانی فوراتی ناوەراست و باشوردا هەیە.

ئەم هەنگاوەی د.مالکیی و حزبی دەعوا بۆ مەبەست بوو لە پێناوی یەك ئامانجدا:

●هەوڵێك بوو بۆ نمایشکردنی هێز وەك لایەنی شیعە بەرامبەر ئەمریکا کە ئەنجومەنی سەحوەکانی دروستکردووە و بۆ ئەوە بوو بە ئەمریکا بڵێت ئەگەر ئێوە گوشار بخەنە سەرمان بۆ تێکەڵاوکردنی هێزەکانی عەشائیری سونە لەگەڵ سوپا و ئاسایشی عێراق، ئەوا بە هەمان شێوە ئەنجومەنەکانی ئیسنادیش کە بەشێکی دیکەی عەشائیری عەرەبی عێراقن دەبێت هەمان مافیان هەبێت و ئەوانیش تێکەڵاوی سوپا و ئاسایشی عێراق بکرێن و ئەم ئەنجومەنانەش راستەخۆ سەر بە نوسینگەی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەبن کە د.نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانە.

●لەسەر ئاستی پارێزگاکانی باشور بە گشتی و فوراتی ناوەراست بە تایبەتی، هەوڵێکی دیکە بوو بۆ کەمکردنەوەی نفوزی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و رێکخراوی بەدر، بەڵام ئەم هەوڵەیان وەك حزبی دەعوا و لە ژێر چەتری دەوڵەتی عێراق و بە خراپ بە کارهێنانی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران بۆ بەرژەوەندی حزبێکی سیاسیی کە حزبی دەعوەیە.

چاودێرانی باردۆخەکە ئەم دوو هەوڵەی د.مالیکی لە یەك ئامانجدا دەخوێننەوە کە ئەویش بەهێزکردنی حزبی دەعوا و هێشتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانە بەدەستی حزبی دەعوەوە بە هەرێگا و بە هەر نرخێك بێت.

## حزبی دەعوە لە دەسەڵاتدایە بۆچی شەڕی دەسەڵات دەکات؟

تەیاری سەدر لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی عێراق ئەو هێزە نییە کە بتوانێت ئاراستەی هاوکێشە سیاسیەکان بگۆرێت، بەڵام لە ناو لیستی هاوبەندی عێراقی یەکگرتودا (ئیئتلافی شیعە) ئەو هێزە سیاسیە بوو کە توانی پارسەنگی هێز بەلای حیزبی دەعوا بشکێنێتەوەوپاڵێوراوی حزبی دەعوا کە د.مالیکی بوو، پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەربگرێت، نەك پاڵێوراوی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا کە د.عادل عەبدولمەهدی بوو.

دەنگدانی ئەندامانی تەیاری سەدر بۆ پاڵێوراوی حزبی دەعوا بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت نەك پاڵێوراوی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، بەشێکی زۆری جیاوازیەکانی نێوان حزبی دەعوا و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و هاوپەیمانییەکانی وەك (رێکخراوی بەدر)مان بۆ ئاشکرا دەکات و پیمان دەڵێت.. تەیاری سەدری هەروا لە خۆوە دەنگی بۆ حزبی دەعوا نەداوە، لەوانەیە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە، ئایا کە تەیاری سەدر و حیزبی دەعوا ئەوەندە لێکنزیکن، بۆچی تەیاری سەدر لە ناو حکومەت نەمایەوە و پاشەکشەی کرد و بۆچی لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکی لە بەسرا شەڕی لە گەڵ چەکدارانی تەیاری سەدر کرد؟

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی زۆر قورس نییە، لەبەر ئەوەی تەیاری سەدر لە نێو دوو ئیختیاردا (حزبی دەعوە یان ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی) دەنگی بەو لایەنە داوە کە لە هەندێك بۆچووندا بە تایبەتی لە بروابونیان بە هێز و توندوتیژی زیاتر لە تەیاری سەدرەوە نزیکن، کە ئەویش حزبی دەعوایە نەك ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا.

تەیاری سەدر زۆرباش هاوکێشەی سیاسیی ناو عەرەبی شیعەی عێراقی خوێندبۆوە، هەستی بەوە کردبوو کە ئەنجوومەنی باڵاو رێکخراوی بەدر بەرەو پرۆسەی سیاسیی و دیالۆگ و هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام حیزبی دەعوا لەگەڵ ئەوەی لە ناو پرۆسەکەیە لە هەمانکاتدا برواشی بە هێز و توندو تیژی هەیە، هەربۆیە تەیاری سەدر لە نێو دوولایەندا دەنگی بۆ ئەو لایەنە داوە کە زیاتر لە خۆی نزیکە کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا جیاوازییەکان چڕبکەینەوە:

*ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەتەنها لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا ساڵی ٢٠٠٥ لە هەموو لایەنەکانی دیکەی ناو ئیئتلافی شیعە دەنگی زیاتری هێناوە، هەربۆیە لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی باشور و ناوەراست و تەنانەت بەغدا و دیالەش، دەبینین ئەنجوومەنی باڵا لە پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگاکان زۆرترین بەشی هەیە، راستە پۆستی سەرۆك وەزیرانی نەبردەوە، بەڵام لە ناو حکومەتدا چەندین وەزارەتی گرنگی هەیە و لە پارێزگاکانیشدا باڵا دەستە.

* رێکخراوی بەدر کە پێشتر بە فەیلەقی بەدر و سوپای بەدر ناسرابوو، ئێستا رێکخراوێکی سیاسیە و بەبەشێك لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەقەڵەم دەدرێت وئەمانیش لە هەموو هەڵوێستیەکیاندا وەك ئەنجوومەنی باڵا بیردەکەنەوە و هەمان هەڵوێستیان هەیە.

* دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ و لە کۆنگرەی ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق، ناوی ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لە عێراق گۆردرا بۆ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا، گوڵان سەبارەت بەم گۆرانکارییە و لە دیمانەیەکی تایبەتدا ساڵی پار لە سەماحەتی عەممار حەکیمی سەرۆکی دەزگای شەهیدی میحراب و نوێنەری عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا پرسی، بۆچی ناوی ئەنجوومەنی باڵاتان گۆری و وشەی شۆرشتان لێکردەوە؟لە وەڵامدا سەماحەتی حەکیم بە گوڵانی راگەیاند: (ئێمە وەك ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی کە پەنامان بۆ شۆرش برد و دەستمان دایە چەك دژی رژێمی عێراق، لەبەر ئەوە بوو رژێمی عێراق هیچ بوارێکی لەبەردەمدا نە هێشتینەوە و تەنانەت زۆر شتمان قبوڵ کرد و وازیشمان لە زۆر مافی خۆمان هێنا بۆ ئەوەی خۆمان لە شەڕ دووربخەینەوە، بەڵام رژێمی پێشوو واش وازی لێنەهێناین، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە بە ناچاری و لە باردۆخێکی

●●●

**ئەنجوومەنی باڵاو رێکخراوی بەدر بەرەو پرۆسەی سیاسیی و دیالۆگ و هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام حیزبی دەعوا لەگەڵ ئەوەی لە ناو پرۆسەکەیە لە هەمانکاتدا برواشی بە هێز و توندو تیژی هەیە**

●●●

دیاریکراودا پەنامان بۆ چەك وشـــۆرش بردووە و ئێســـتا ئەو باردۆخە گۆڕاوە و عێراق پێویســـتی بە بونیادنانەوەی دەوڵەت و دامـــەزراوەی مەدەنی هەیە و بۆیە ئێمەش بەم ئاراســـتەیە هەوڵدەدەین لە خۆمانەوە دەســـت پێدەکەین و ناوی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیســـلامی عێراقمان گۆڕی بۆ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا) ئەم وەڵامەی سەماحەتی عەممار حەکیم بۆ گـــوڵان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی پشتئەســـتورە بە و جەماوەرەی کە هەیەتی و بۆیە بروای بە هێز و توند و تیژی نییە.

* ئایەتوڵـــلا عەلی سیســـتانی مەرجەعی گەورەی شـــیعە کە ئێســـتا لە نەجەف دادەنیشـــێت، وەك یەکێـــك لە مەرجەعە گەورەکانی شـــیعە لە جیهاندا حســـاب دەکرێـــت، نەك تەنها لەعێراقدا،ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە کۆنگرەی خۆیدا، فەتواکانی ئایەتوڵڵا سیســـتانی کـــردووە بە ئیلزامێك بەســـەر ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی عێراقەوە و خۆی بەو لایەنە سیاســـیە دەزانێت کە فەتواکانی سیســـتانی جێبەجێ دەکات، ســـەبارەت بەم بڕیارەش لە هەمان دیداری تایبەتدا لە سەماحەتی حەکیمان پرســـی: ئێوە بە ئاشکرا راتان گەیاندووە کە فەتوا و ڕێنمایەکانی سیســـتانی جێبەجێ دەکەن، ئایا ئەمە نابێتـــە هۆکارێك بۆ لایەنگیری سیســـتانی بۆ ئێوە، ئایا ئێوە چۆن ئەو مافەتان بە خۆتان ڕەوا بینیوە؟ لە وەڵامدا سەماحەتی عەممار حەکیـــم بە گوڵانی ڕاگەیاند: (بێگومان مەســـەلەی مەرجەعیەت لە ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی زۆر نزیکە و پێشتریش سەماحەتی شەهیدی میحراب مەرجەع بووە، هەربۆیە پاش ئازادکردنی عێراق و گەڕانەوەی شـــەهیدی میحراب زۆر کەس لەو بڕوایەدابوون کێشـــەیەك لەسەر مەرجەعیەت دروست دەبێت، بەڵام شـــەهیدی میحراب یەکەم کەس بوو ســـەردانی ئایەتوڵڵا سیســـتانی کرد و بە مەرجـــەع قبوڵی کرد، هەربۆیە ئەنجوومەنـــی باڵا هەمـــوو کات ڕێنماییەکانـــی مەرجەعی جێبەجێ کردووە و پیادەکردووە، ئێستاش کە کردومانە بە ئیلزام بۆ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا جیاوازییەکە هەر ئەوەندەیە کە بە ئاشکرا رامان گەیاندووە.

ئاماژەکردن بەم دووخاڵە بۆ ئەوەیە کە خوێنەر لە جیاوازییەکی بنەرەتی لە نێوان ئەنجوومەنی باڵاو حیزبی دەعوا تێبگات کە ئەویش بریتیە لە:

-١ڕاســـتە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا لایەنێکی سەرەکییە لە پرۆســـەی سیاسیی عێراقدا و گەورەترین لایەنی سیاسیی شیعەیە کە مەرجەعیەت پشتگیری لێدەکات و حەزیش دەکات لە عێراقدا دەسەڵاتی بە دەستەوە بێت، بەڵام هەوڵدەدات ئەم ئامانجە بە پشـــتگیری شـــەقامی شیعە و بە هاوپەیمانی لەگەڵ پێکهاتە ســـەرەکیەکانی عێراق بە دەســـت بهێنێت، ئەم ئاراستەی ئەنجوومەنی باڵاش لەسەر چەند ئاستێك بە پەسەند دەزانرێت:

أ-لەسەر ئاستی شەقامی عەرەبی شیعەی عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگەی ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی بە هێزتر دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی باڵا ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە سیاســـیەتی ئەو لەگەڵ فەتوا و ڕێنمایەکانی مەرجەعی باڵا یەکدەگرێتەوەو هەر سیاســـەتێك ئەنجوومەنی باڵا پیادەی بکات، لەلایەن ئایەتوڵڵا سیستانیەوە پیرۆز دەکرێت و تەنانەت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشدا دروشمی سەرەکی ئەنجوومەنی باڵا وێنەی سیستانی و ڕێنمایی و فەتواکانی سیستانی دەبێت، ئەم لایەنە گرنگـــە کە لە هیچ پارتێکی سیاســـیی دیکەی شـــیعەدا نییە، جۆرە متمانەیەك لای شەقامی شیعە دروست



●●●
**ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە کۆنگرەی خۆیدا، فەتواکانی ئایەتوڵڵا سیستانی کردووە بە ئیلزامێک بەسەر ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقەوە و خۆی بەو لایەنە سیاسیە دەزانێت کە فەتواکانی سیستانی جێبەجێ دەکات**
●●●

●●●
**شەهیدی میحراب یەکەم کەس بوو سەردانی ئایەتوڵڵا سیستانی کرد و بە مەرجەع قبوڵی کرد**
●●●



دەکات.

ب- لایەنە عیلمانیەکانی عێراق ئەوانەی بروایان بە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت هەیە لە دەوڵەتدا، زیاتر حەزدەکەن لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵا هاوپەیمانی بکەن و لەبەرئەوەی ڕێنماییەکانی مەرجەعی باڵا بەو ئاراستەیە کە ئایین وسیاسەت تێکەڵ نەکرێت و ئایین دووربێت لە دەوڵەت و، ڕۆڵی ئایین تەنها لەسەر پرانسیپە گشتیەکان بێت و تێکەڵاوی وردەکارییەکان نەبێت، ئەم لایەنەش لای عەلمانیەکان پەسەندە، بەبەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی شیعە کە دەخوازن لە زۆر وردەکاریدا ئایین تێکەڵاوی دەوڵەت بکەن.

ج- کورد کە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق و گەورەترین قوربانی دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق بووە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەنجوومەنی باڵا لەهەموو لایەنەکانی دیکە بە نزیکتر لە خۆی دەزانێت و کۆمەڵێك هۆکار لەپشت ئەم تێڕوانینەی کوردەوە هەیە کە هەرە گرنگەکانیان بریتین لە:

١-لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی باڵا ڕێنمایەکانی مەرجەعی باڵا جێبەجێ دەکات، کورد دڵنیایە کە هەڵوێستی مەرجەعی باڵا لە ئاستی کورد تەحریمی شەڕکردنە لەگەڵ کورد، لەبەر ئەوەی پێشتریش لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو مەرجەعیەتی شیعە دژی شەرکردنی حکومەتی عێراق لە گەڵ کورد بوو، سەبارەت بەم هەڵوێستە سەماحەتی حەکیم بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ئەم هەڵوێستەی ئێمە بەرامبەر بەکورد پەیوەندی بە بەرژەوەندی و سیاسەتەوە نییە، بەڵکو ئەمە هەڵوێستێکی مەبدەئیی مەرجەعیەتە، ئەوجا لەگەڵ کورد هاوپەیمان بین یان بەرژەوەندیمان هەبێت یان نەبێت ئێمە هەر هەمان هەڵوێستمان دەبێت وئەو کاتەشی ئەو هەڵوێستەمان لەبەرامبەر کورد هەبووە نەك هەر بەرژەوەندیمان نەبووە، بەڵکو باجێکی گەورەمان داوە) ئەم پرانسیپە کورد لەوە دڵنیادەکاتەوە کە لەسەر پرانسیپە گشتیەکان لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵا کێشەی ئەوتۆی نابێت و ئەگەر کێشەش دروست بێت بەرێگەی دیالۆگ و وتوێژ قسەی لەسەر دەکرێت نەك شەڕ وڕووبەڕووبونەوە، هەروەك چۆن لە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر خانەقین و کەرکوك هەڵوێستی ئایەتوڵڵا سیستانیمان بینی کەدژی شەڕ بوو، لایەنگیری ڕێککەوتن و دانوستاندن بوو بە شێوەیەکی هاوسەنگ، ئەمە لەکاتێکدا گوێبیستی هەڵوێستی لایەنی دیکەش بووین کە دەیانویست بە شێوازی دیکە کێشەکە چارەسەر بکەن.

٢-لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی مەترسی ئەوەی نییە بە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدان پەراوێز و کەنارگیر بکرێت، بۆیە پشتگیری لە پرۆسەی دەنگدان و گرتنە دەستی دەسەڵات بە شێوازی دیموکراتیانە دەکات، ئەم هەڵوێستەش تەواو لەگەڵ بیروبۆچونی کورد یەکدەگرێتەوە.

٣- ئەنجوومەنی باڵا بروای بە فیدرالیزم و پێکهێنانی حکومەتی لۆکاڵ و سنوردارکردنی دەسەڵاتی ناوەند هەیە، ڕاستە لەوانەیە بۆچوونی ئەنجوومەنی باڵا لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ بۆچوونی کورد بۆ فیدرالیەت یەکنەگرێتەوە، بەڵام بروابوونی بەوەی کە فیدرالیزم باشترین ڕێگە چارەیە و، هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر عێراق هاتووە هۆکاری حکومرانی مەرکەزی و تاکرەوی دەسەڵات بووە، بۆیە لە هەموو لایەنەکانی دیکە لە کورد نزیکترەو کورد دەتوانێت لەسەر جیاوازی و ناکۆکیەکانیش لەگەڵیدا بگاتە ڕێکەوتن.

٤- ئەنجوومەنی لەگەڵ ئەوەی گەورەترین شانازی بە نەتەوەی عەرەبی دەکات و خۆیان بەبەشێك لە ئالولبەیت دەزانن، بەڵام

●●●

**ئەنجوومەنی باڵا ڕێنمایەکانی مەرجەعی باڵا جێبەجێ دەکات، کورد دڵنیایە کە هەڵوێستی مەرجەعی باڵا لە ئاستی کورد تەحریمی شەڕکردنە لەگەڵ کورد**

●●●

●●●

**ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی مەترسی ئەوەی نییە بە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدان پەراوێز و کەنارگیر بکرێت، بۆیە پشتگیری لە پرۆسەی دەنگدان و گرتنە دەستی دەسەڵات بە شێوازی دیموکراتیانە دەکات**

●●●

ناسنامەی عێراق وەك دەوڵەت بەعەرەبی نازانن و بروایان بەوە هەیە گەلی عەرەبی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب نەك ئەوەی پێی دەڵێن گەلی عێراق (کە لەراستیشدا عێراق لە چەندین گەل و نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە نەك تەنها گەلی عەرەب) ئەم هەڵوێستەش دیسان هەوڵێکە بۆ پارێزگاریکردن بە جیاوازیەکانی عێراق و پارێزگاری کردنی گەل و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق، ئەمەش وایکردووە زۆربەی عێراقیەکان (بێجگە لە قەومییە شۆڤێنیەکان لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵا یەکبگرنەوە).

ئەم تایبەتماندیانەی کە لە ئەنجوومەنی باڵادا هەن، بوونەتە ئەو فاکتەرەی کە حزبی دەعوا لە ئایندەی خۆی بترسێت و جارێکی دیکە پۆستی سەرۆك وەزیران بەدەست نەهێنێتەوە، هەربۆیە د.مالکیی کە ئێستا پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقی لە دەستدایە هەوڵیداوە ئەم پۆستە بۆ بەهێزکردنی حزبەکەی (حیزبی دەعوا بەکاربهێنیت) لە ژێر ناوی بە هێزکردنی حکومەت و سوپای عێراق چەند هەنگاوێك هەڵبگرێت کە دژی ئەو دەستورەیە کە دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانی داوە بەو.

**ئەنجوومەنی باڵا بروای بە فیدرالیزم و پێکهێنانی حکومەتی لۆکاڵ و سنوردارکردنی دەسەڵاتی ناوەند هەیە**

## ناکۆکیەکاننی حزبی دەعوا و ئەنجوومەنی باڵا لەسەر ئەنجوومەنەکانی ئیسناد

هەوڵەکانی حیزبی دەعوا لەژێر چەتری دەوڵەتی عێراقدا، چۆن لە مەسەلەی خانەقین و کەرکوك بەسەر کوردا تێنەپەری، پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیسنادیش بەسەر ئەنجوومەنی باڵا و رێکخراوی بەدر تێنەپەری، هەندێك لە بەرپرسانی حیزبی دەعوا کە ئێستا لە نوسنگەی د.مالیکی کاردەکەن یان کاربەدەستی گەورەن لە حکومەتدا لەسەرەتادا هەوڵیاندا، ئەنجوومەنی باڵا و رێکخراوی بەدەر بخەنە گۆشەی دژایەتیکردنی حکومەت و سوپای عێراق و لەمەش زیاتر دژایەتی بەهێزبوونی حکومەت و سوپای عێراق، هەروەها هەوڵیاندا وا پیشانی رای گشتی عێراق بدەن کە ئەنجوومەنی باڵا و بەدر نایەنەوێت پارێزگاکان پەیوەندیان بە حکومەتە هەبێت، هەوڵیاندا وای پیشانبدەن کە ئەنجوومەنی باڵا ترسی لە هەڵکشانی نفوزی حزبی دەعوا هەیە، بەتایبەتی کە ئێستا حزبی دەعوا حکومەتی بەدەستەوەیەو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەربۆیە ئەنجومەنی باڵا بۆ ئەوەی هەقیقەتی ئەم کێشەیە بۆ خەڵك روونبکاتەوە، رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٣ بەیاننامەیەکی بەناوی بەیاننامەی نوسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندنی ئەنجومەنی باڵای تایبەت لەسەر هەندێك لە لێدوانەکانی سەرکردەکانی حیزبی دەعوا بڵاو کردەوە، کە تیایدا جیا لەوەی ئەو لێدوانانە لەهەڵوێستی حیزبی دەعوا وەك هاوپەیمانی ئەنجوومەنی باڵا جیادەکاتەوە، لە هەمانکاتدا (بەبێ ئەوەی ناوی کەس بهێنێت) وەڵامێکی لۆژیکانەی ئەو سەرکردانەی حیزبی دەعوا دەداتەوە.

**ئەنجوومەنەکانی ئیسناد دەبنە هۆکاری وروژێنەری فیتنەیەکی گەورەو دابەشبونێکی ترسناك لەنێوان عەشائیرەکانی عێراق بەگشتی و عەشائیرەکانی فورات و باشور بە تایبەتی**

بەیاننامەکە لەسەرەتادا بە چەند خاڵێك دەست پێدەکات کەبریتین لە:

* ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بێجگە لە وتوێژی سیاسیی بۆ لێکنزیکردنەوەی ناکۆکیەکان و دەرخستی هەڵەکان وجێبەجێکردنی ئەو بەرنامەو پرانسیپەی لەسەر رێککەوتوین،قبوڵ ناکات، ئەوجا بەرنامەی شەراکەت بێت یان جێبەجێکردنی دەستور و یاساکان.

پاشان ئەم خاڵانەش هاتوون:

-١ ئەنجوومەنی باڵا هەموو ئەو لێدوانانە رەتدەکاتەوە کە لەلایەن کەسێکەوە درابێت دژی حزبی دەعوا،ئەوجا ئەو کەسە پەیوەندی بەئەنجومەنی باڵاوە هەبێت یان نە ؟

-٢ ئەنجوومەنی باڵا هەموو ئەو لێدوانانەش رەتدەکاتەوە کە لە هۆیەکانی راگەیاندن وەك لێدوانی ئەندامە دیارەکانی حزبی دەعوا بڵاو کراونەتەوە.

-٣ سەبارەت بەو لێدوانانەی دراون سەبارەت بە هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵا، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق دووپاتیدەکاتەوە، کە پرۆژەی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادی لە کۆبونەوەکانی لەگەڵ برایانی حزبی دەعوا رەتکردۆتەوە، ئەم هەڵوێستەش ئاراستەی حیزبی دەعوا نەکراوە، بەڵکو ئاراستەی ئەو کەسانە کراوە کە پرۆژەی ئەنجوومەنی ئیسنادیان وەك سیاسیەتی دەوڵەت پیشانداوە، هەربۆیە ئەگەر ئەمە سیاسەتی دەوڵەتی عێراق بێت ئێمەش بەشێکی سەرکین لە دەوڵەتی عێراق و دەبێت ئێمەش بۆچوونمان هەبێت، بەڵام ئەگەر سیاسەتی حزبێکە دەیەوێت دەوڵەت بکاتە چەتری پرۆژەکەی، ئەوە جیاوازیەکە لێرەدا سەرهەڵدەدات، ئێمە ئەوە رەتدەکەینەوە دەوڵەت ببێتە چەتری پرۆژەیەکی لەو جۆرە،ئەمە بە پێشلکاری راشکاوانەی ئەو بەرپرسیاریەتیە دەزانین کە دەستور بۆی دیاریکردووە و بە ئیستغلالکردنێکی نادەستوری ئەو پۆستەی دەزانیین، دەوڵەتی عێراق بەدرێژایی مێژووی خۆی هەوڵیداوە عەشائیری عێراق بکرێت، بەڵام سەرەنجام عەشائیرەکان هەر سوپای مەرجەعیەت وموجاهیدنی شەرەف بوون، ئەگەر پێکهاتەیەکی سیاسی دەیەوێت هانیان بدات وکاریان لەگەڵدا بکات، ئەوە دەتوانێت بەرێگەی پەیرەو پرۆگرام و پرانسیپەکانی حزبەکەی بیکات، نەك بەرێگەی پێدانی دەسەڵاتی نادەستوری و نایاسایی یان بە پێدانی پارە پێیان.

-٤دەستور و یاساکانی عێراق تەواوی دەسەڵاتی پاراستنی ئاسایش و نیزامی لە پارێزگاکان داوەتە حکومەتە لۆکاڵەکان (بۆ ئەم مسەلەیە سەیری مادەکانی ٧١ی دەستور و برگەکانی ئەو یاسا تازەیە بکەن کە ئێستا نەکەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە).

-٥ ئەنجوومەنەکانی ئیسناد دەبنە هۆکاری وروژێنەری فیتنەیەکی گەورەو دابەشبونێکی ترسناك لەنێوان عەشائیرەکانی عێراق بەگشتی و عەشائیرەکانی فورات و باشور بە تایبەتی، زۆر لەسەرۆك عەشیرەتەکان هاتونە لامان و ئاگاداریان کردوینەتەوەکە رێگە نەدەین کەس بە ناوی ئەوانەوە قسە بکەن و، ئەگەر حکومەتی فیدرالی دەست لە کاروباری عەشائیر لە هەر پارێزگایەکدا وەربدات، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەرکی پارێزگا وپاریزگار چییە؟

٦- ئەم ئەنجومەنانە بەشێك نین لە هێزە چەكدارەكان، هەتا رێگە بە فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكان بدات بە پارە و دەسەڵاتی دەوڵەت كاری عەشائیری حكومەتە لۆكاڵەكان هاوسەنگ بكات، بیبەستێتەوە بە بەرێز سەرۆك وەزیرانەوە ئەمەش پێچەوانەی دەستورە كە لە ماددە ١٢٢ هاتوەو دەڵێت: پاریزگار كە لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە هەڵدەبژێرێت، سەرۆكی جێبەجێكاری باڵایە لە پارێزگادا، بۆ پیادەكردنی ئەو دەسەڵاتەی ئەنجوومەنی پارێزگا پێداوە.

هەروەها لە ماددەی ٥یشدا هاتووە(ئەنجومەنی پارێزگا ملكەچی هیچ كۆنترۆڵ و چاودێرییەك نابێت ئەگەر پەیوەندی بە وەزارەتەوە نەبێت، بودجەی سەربەخۆی هەیە) بەیانەكەی ئەنجوومەنی باڵا بەمجۆرە روو لە حكومەت دەكات و دەڵێت: (تكایە بەم كۆمەڵە بابەتەدا بچنەوە بۆ ئەوەی لەو گومان و ئەشكالیەتە دووربكەوینەوە،لەبەر ئەوەی ئەمانە لە دەسەڵاتی حكومەتی فیدرالیدانین، ئەگەر كەوتنە چوارچێوەی دەسەڵاتەكانی حكومەتی فیدرالی ئەوا ئێمەش و شەریكەكانیشمان هاوكارتان دەبین.

٧- بەیانەكەی ئەنجوومەنی باڵا تورە بوونێكی گەورەی پێوە دیارە وەك لە برگەیەكدا دەڵێت: (روونكردنەوەلەسەر هەندێك لەو وشانەی كە لە هۆیەكانی راگەیاندن بڵاوكراونەتەوە، كەبەشێوەیەك برینداریان كردوین كە قبوڵ ناكرێن، ئەگەر ترسی ئەوەمان نەبوایە راماندەكێشێت بۆ شەرێك لەگەڵ خۆشەویسترین هاوپەیمانمان، ئەوا زمانێكی ترمان بەكار دەهێنا (فانا لله و انا الیه راجعون).

بەیاننامەكە كە دوای ئەم برگەیەی بە (انا لله وانا الیه راجعون) كۆتایی پێهیناوە دیتە سەر شیكردنەوەی ئەو تۆمەتانەی بۆ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە هۆیەكانی راگەیاندن بڵاوكراونەتەوە، هوڵیداوە بە زمانێكی هێمن و بەپشت بەستن بە بنەماكانی دەستوری عێراق ئەو تۆمەتانە پوچەڵبكاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وەڵامدانەوەیە چەند رەهەندێكی مەترسیداری لێدەخوینرێتەوە:

ا-ئاگادارمان دەكاتەوە كە حكومەتی ئێستای عێراق بەرەو ئەوپەری مەركەزیەت هەنگاو هەڵدەگرێت و ئەگەر سنوری بۆ دانەرێت هەموو دەسكەوتەكان لەدەست دەچێت.

ب-ئاگادارمان دەكاتەوە حكومەتی عێراق و شەخسی سەرۆك وەزیران هەڵسوكەوتەكانی سنوری دەستوری بەزاندووە و بنەماكانی حكومەتی فیدرالی پێشێلكردووە.

ج-ئاگادارمان دەكاتەوە سەرۆك وەزیران بەرەو تاكرەوی هەنگاو هەڵدەگرێت ودەوڵەتی عێراق بە مولكی یەك لایەن دەزانێت، ئەمە لە كاتێكدا بەرێز مالكی وەك پاڵێوراوی كۆمەڵێك لایەن گەیشتۆتە پۆستی سەرۆك وەزیران.

**ئەم ناكۆكیانە بەكوێ دەگەن**

**ئایا شەری دەسەڵات هەموو پرانسیپەكانی گۆریوە؟**

ئایا ئەم ناكۆكی وجیاوازیانە كە گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستا هەروا بەئاسانی كۆتاییان دێت؟

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەروا كارێكی ئاسان نییە، بەڵام هاتنە دەرەوەی ئەم ناكۆكیانە بۆ ناو هۆیەكانی راگەیاندن و هەوڵدان بۆ دەركردنی بەیانی ئەم لایەن دژی لایەكەی دیكە، نیشانەی ئەوەیە سەقفی نێو ماڵی شیعە چیدیكە ناتوانێت ناكۆكیەكان بشارێتەوە و لەوانەشە نەتوانرێت بە ئاسانی كۆنترۆڵ بكرێت، ئێمە بۆ ئەم راپۆرتە هەوڵێكی زۆرماندا كە لایەنە پەیوەندارەكان بەگشتی و لایەنی ئەنجوومەنی باڵاو رێكخراوی بەدرەوە بكەین بۆ ئەوەی جارێكی دیكە هەمان ئەو لێدوانە بڵاو نەكەینەوە كە لە میدیاكان بڵاوبونەتەوەو هەردوولاش رەتیدەكەنەوە، بۆ ئەمەش دوای هەوڵێكی زۆر توانیمان لەگەڵ بەرێز هادی عامری سەرۆكی رێكخراوی بەدرو سەرۆكی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لەپەرلەمانی عێراق پەیوەندی بكەین، لەگەڵ ئەوەی بەرێز عامری بە بیانوی ئەوەی كاتی نیەو چەندین جار كاتی دیاریكراوی بۆ قسەكردن پێ گۆرین، بەڵام كە رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٤ قسەمان لەگەڵ كرد بۆ ئەوەی بە تێروتەسەلی لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بكەین، بەداخەوە پێی راگەیاندین كە هەڵوێستی ئەوان ئەو بەیاننامەیە كە بڵاویان كردۆتەوە و ئامادەنیین بێجگە لەو بەیاننامەیە هیچ لیدوانێكی دیكە بدەن، ئێمە لەوە تێگەیشتن كە ئەم هەڵوێستەی بەرێز عامری بریاری رێكخراوی بەدر و ئەنجوومەنی باڵایە لەسەر ئەومەسەلەیە، بۆیە پرسیارەكانمان بە ناچاری گۆری، هەروەها دوای ئەوەی لەگەڵ بەرێز رەزا جەواد تەقی ئەندامی مەكتەبی سیایی و بەرپرسی پەوەندیەكانی دەرەوەی ئەنجوومنی باڵاش قسەمان كرد و كاتی بۆدیاریكردین، كە لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بكەین، بەڵام دواتر ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێك بدات، بەڵام كە تەواوی بەیاننامەكەمان خوێندەوە،بۆمان دەركەوت كە ئەنجوومەنی باڵا بریاریداوە، بێجگە لە لێدوانی رەسمی وەك ئەو بەیانەی نوسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن، هیچ بەرپرسێكیان لێدوانی تایبەت بۆ هۆیەكانی راگەیاندن نەدەن، ئەو چەند پرسیارەش كە لەبەرێز هادی عامریمان كرد، راستەوخۆ پەیوەندی بەم كێشەیەوە نەبوو.

لەم بەدواداچونەدا ئێمە وەك گوڵان گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی كە باردۆخەكە ئاڵۆزە و لانی كەم ئەنجومەنی باڵا هەوڵدەدات رێگە لە تەقینەوەی بگرێت، بەتایبەتی كە لە بەیاننامەكەدا هاتووە، ئەگەر لەوە نەترسابāین كە رووبەرووی شەرێكی ترسناك دەبینەوە بە زمانێكی دیكە قسەمان دەكرد.

ئەمانەئاماژەو تێروانینی گەشبینانە نین بۆ ئایندە، ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئومێد دەخوازین هەموو لایەك بگەرێنەوە بۆ زمانی وتویژ و لێكتێگەیشتن و جێبەجێكردنی دەستوری عێراق بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، بەڵام نابێت ئەو راستیە تاڵەش لەبیر بكەین كە شەری دەسەڵات بە خۆزگە و ئومێد كپنابێتەوەو رۆژانی داهاتوش وەڵامی هەموو پرسیارە هەڵپەسێراوەكان دەداتەوە.

●●●
**ئەگەر حكومەتی فیدرالی دەست لە كاروباری عەشائیر لە هەر پارێزگایەكدا وەربدات، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەركی پارێزگا وپاریزگار چییە؟**
●●●

●●●
**بەیانەكەی ئەنجوومەنی باڵا تورە بوونێكی گەورەی پێوە دیارە وەك لە برگەیەكدا دەڵێت: روونكردنەوەلەسەر هەندێك لەو وشانەی كە لە هۆیەكانی راگەیاندن بڵاوكراونەتەوە، كەبەشێوەیەك برینداریان كردوین كە قبوڵ ناكرێن، ئەگەر ترسی ئەوەمان نەبوایە راماندەكێشێت بۆ شەرێك لەگەڵ خۆشەویسترین هاوپەیمانمان، ئەوا زمانێكی ترمان بەكار دەهێنا**
●●●

هادی ئەلعامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر و لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# نابێت ئەنجومەنەکانی ئیسناد بۆ چەک هەڵگرتن بێت و داهاتی دەوڵەتیان بۆ خەرجبکرێت



ڕێکخراوی بەدر کە پێشـــتر فەیلەقی بەدر بووە و، باڵی ســـەربازی ئەنجوومەنی شۆڕشی ئیسلامی بووە لە عێراقدا و لە کۆتایی ســـاڵی ١٩٨٠ لە ئێران دامەزراوە، بەڵام پاش ئازادکردنی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان، فەیلەقی بەدریش گۆڕا بۆ ڕێکخراوێکی سیاسیی بە ناوی ڕێکخراوی بەدر و کاری سیاسیی دەکات و بەڕێز هادی ئەلعامریش سەرۆکایەتی ئەم ڕێکخراوە دەکات کە باڵێکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییە لە عێراقدا .

هادی ئەلعامریش یەکێکە لەو سیاســـەتمەدارە عێراقییانەی کە بۆماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەسەردەمی ڕژێمی سەدام حوســـێندا لە تاراوگە ژیاوە و بەتایبەتی لە ئێران و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و سەرۆکی ڕێکخراوی بەدرە، هەروەها سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگرییە لە پەرلەمانی عێراق .

ســـەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیســـناد کە ئێســـتا د.مالیکی لە پارێزگاکانی فوراتی ناوەڕاست و باشور هەوڵی دروستیکردنی دەدات و وەك لایەنی د. مالیکی ئاماژەی پێدەکەن ئەم ئەنجومەنانەی بۆ ڕێکخستنی کاروباری عەشـــائیرەکانی باشور و ناوەڕاستە بۆ پشتگیری ئاسایش و پرۆسەی سیاسیی، بەڵام ڕێکخراوی بەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بە پێشلکاری دەستور و خراپ بەکارهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ ئامانجی حزبی لێکدەرێتەوە، پەیوەندیمان بە بەرێز هادی ئەلعامری کرد، لەگەڵ ئەوەی بەڕێزی بەیانەکەی نوســـینگەی ڕۆشـــنبیری ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی بەرای ڕێکخراوی بەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی لـــە قەڵەمدا،و ئامادەنەبوو بچێتە ناو وردەکاری و چۆنیەتی پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنانە بەڵام، بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستی خۆیانی لەسەر ئەنجوومەنی ئیسناد و سەحوە دەربڕی، ئەمەش دەقی لێدوانە تایبەتەکەی بەڕیز هادی ئەلعامرییە بۆ گۆڵان.

**لەگەڵ پێکهێنانی ئەم ئەنجومانەداین بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری، ئەگەر پێویست بە پێکهێنانی ئەم ئەنجومانە بکات ئەوا دەبێت بە هاوکاری حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتە محەلییەکان پێک بهێنرێت**

## ئەنجومەنی ئیسناد دەبێت بەهاوکاری حکومەتە لۆکاڵەکان دابمەزرێت

**● بـــاس لەوە دەکرێت ئێوە لە ڕێکخـــراوی بەدر دژی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیسنادن؟**

- مـــن نامەوێت بەهیچ جۆرێك لەســـەر مەســـەلەی ئەنجومەنەکانی ئیسناد لێدوان بدەم، هەڵوێستی ئێمە ئەو بەیاننامەیە کە لە سایتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق بڵاومانکردۆتەوە، ئەگەر دەتەوێت هەڵوێستی ئێمە بە وردی بزانیت ئەو بەیاننامەیە هەڵوێستی ئێمەیە و لێدوانی ترمان نییـــە، بەڵام دووپاتی دەکەینەوە ئێمە

لەگەڵ پێکهێنانی ئەم ئەنجومانەداین بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری، ئەگەر پێویست بە پێکهێنانی ئەم ئەنجومانە بکات ئەوا دەبێت بە هاوکاری حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتە محەلییەکان پێك بهێنرێت.

## نامانەوێت ئەنجومەنی هاوشێوەی سەحوە دروستبکرێتەوە

*** ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەنجومەنەکانی سەحوە و ئەنجومەنەکانی ئیسناددا؟**

- بەڵێ جیاوازی هەیە لەبەر ئەوەی پێشتر پێشنیاری پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی سەحوە کرا لە باشووردا و رەتکرایەوە، بۆچی ئێستا هەڵبستین بە دروستکردنی ئەنجومەنگەلێکی هاوشێوە.

چۆن پێشمەرگە بەسەحوە بەراوردناکرێت
موجاهیدەکانی بەدریش بەهەمان شێوە

***بەڵام زۆرێك لە سەرکردەکانی سەحوە باس لەوە دەکەن بە چەشنی ڕێکخراوی بەدر گۆڕانگاری بەسەر خۆیاندا دەهێنن لە دامەزراوەیەکی سەربازیەوە بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی، ئایا دەکرێت بەراورد بکرێت بە ڕێکخراوی بەدر؟**

- نەخێر ناکرێت ئەم بەراوردە بکرێت لەگەڵ موجاهیدەکانی ڕێکخراوی بەدردا کە بۆ ماوەی بیست ساڵی چەکیان لە دژی ڕژێمی سەددام هەڵگرت و حاڵی ئەوان وەك حاڵی پێشمەرگە وایە، ئەگەر ئێوە بەراورد کردنی پیاوانی سەحوە بە هێزەکانی پێشمەرگە قبوڵ دەکەن، ئەوا ئێمەش بەراوردکرنیان بە ئەندامانی بەدر قبوڵ دەکەین. لە لایەکی ترەوە یاسای ئاوێتەکردن روونە و باس لە چەکدارەکانی هێزە سیاسییەکان دەکات ئەوانەی پێش رووخانی ڕژێمی سەددام چەکیان هەڵگرتبوو، بەڵام چەکدارەکانی سەحوە حاڵەتێکی جیاوازە و هیچ یاسایە چارەسەری حاڵەتی ئەوانی نەکردووە، بەڵام ئێمە بەو مەرجە قبوڵی ئاوێتەکردنیان دەکەین لە هێزە چەکدارەکاندا کە دەست لە چەك هەڵبگرن و وەك تاکەکەس و وەك فەرد ئاوێتە بکرێن، نەك وەك تەشکیلییەکی دیاری کراو.

## سەحوە بێت یان ئیسناد نابێت چەکیان بەدەستەوە بێت

*** ئامانجی هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلافی یەکگرتو و ڕێکخراوی بەدر بنیاتنانەوەی عێراقێکی دامەزراوەیی (مۆسساتی) پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتوو، بەڵام بۆچی عێراق هەوڵی پێکهێنانی ئەم هەمو ئەنجومەنانە دەدات، وەك ئەنجومەنەکانی سەحوە و ئیسناد؟**

- ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکامان رامانگەیاند کە وەك حاڵەتێکی کاتی ئەنجومەنەکانی سەحوە قبوڵ دەکەین بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ شەڕکردن لە دژی ڕێکخراوی ئەل قاعیدە، بەڵام دەبێت دواتر چارەسەر بکرێن. ئێمە سوورین لە سەر ئەوەی چەك تەنها لە دەستی دەوڵەتدا بێت و نابێت لە دەستی هیچ میلیشیا و ئەنجومەنێکدا بێت، سەحوە بێت یان ئیسناد. لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەوە ڕوون بێت حکومەت هەڵنەستاوە بە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی سەحوە، بەڵکو ئەمەریکییەکان دروستیان کردن و حکومەتیش وەك ڕێ و شوێنێك کاتی قبوڵی کرد بۆ ئەوەی سوود لە توانایان وەربگیرێت لە بەرەنگاربونەوەی ئەل قاعیدەدا، بەڵام دەبێت دواتر هەندێکیان بە پێی پێویستی ئاوێتەی هێزە ئەمنییەکانی وڵاتە بکرێن. ئەمە حاڵەتێکی هەمیشەی نەبوو، لەبەر ئەوە ئێمە پێداگیری دەکەین لە سەر چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی مەلەفی ئەنجومەنەکانی سەحوە و ئیسناد و میلیشیاکان و سوورین لەسەر ئەوەی دەبێت چەك تەنها لە دەستی حکومەتدا بێت و بە هیچ شێوەیەکی ڕازی نابین لە دەرەوەی دامەزراوە رەسمییەکان کە بریتین لە دامەزراوەی سوپا و هێزەکانی پۆلیس چەك بە دەستی هیچ لایەنێکی دیکەوە بێت.

## قبوڵناکەین پێکهێنانی ئیسناد بۆ چەک هەڵگرتن بێت

*** بەڵام بۆچی حکومەت پەنا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیسناد دەبات، ئامانجەکە چییە؟**

-ئەنجومەنەکانی ئیسناد بۆیان نییە چەك هەڵبگرن، ئێمە بە ڕاشکاوی دەڵێین ئەگەر ئامانج لە درووستکردنی ئەم ئەنجومەنانە بریتییە لە هەڵگرتنی چەك، ئەوا هەر لە ئێستاوە بەرهەڵستی دەکەین. بەڵکو ئامانجەکە بریتییە لە سوود وەرگرتن لە شێخی عەشیرەتەکان بۆ پاڵپشتی کردن لە پرۆسەی ئەمنی، بەڵام نەك لە ڕێی هەڵگرتنی چەکەوە، هەروەها دەبێت لە چوارچێوەیەکی یاسای و دەستووریدا پێك بهێنرێن، بە پێچەوانەوە ئێمە لەگەڵیدا نین و نابێت داهاتی دەوڵەتییان تێدا خەرج بکرێت.

*** ئایا حزبی دەعوە هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردنی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنانە؟**

- نەخێر ئەگەر بە ئینساف بین ئەوا هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە حزبی دەعوەوە، بەڵکو ئەو کەسانە پێی هەڵدەستن کە پرۆسەی ئاشتەوای نیشتمانی جێبەجێ دەکەن و ئێمەش پێمان راگەیاندوون کە ڕێ و شوێنەکانتان دروست نیە و دەبێت لە چوارچێوەی دستور و یاسادا بێت.

**ئێمە سوورین لە سەر ئەوەی چەک تەنها لە دەستی دەوڵەتدا بێت و نابێت لە دەستی هیچ میلیشیا و ئەنجومەنێکدا بێت، سەحوە بێت یان ئیسناد**

**سوود وەرگرتن لە شێخی عەشیرەتەکان بۆ پاڵپشتی کردن لە پرۆسەی ئەمنی، بەڵام نەک لە ڕێی هەڵگرتنی چەکەوە، هەروەها دەبێت لە چوارچێوەیەکی یاسای و دەستووریدا پێک بهێنرێن**



# کێشەکانی عێراق
# بە میلیتاریزەکردنی دەسەڵات چ

**خەریکە بە ناوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە، نوسینگەی سەرۆک وەزیران جێگەی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری بگرێتەوە**

**لایەنە سیاسیەکانی وەک هاوپەیمانی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵا و ڕێکخراوی بەدر نایەنەوێت حکومەتی عێراق و سوپای عێراق بەهێز بێت**

خەریکە نوسینگەی تایبەتی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەبێتە ئەو دەسەڵاتەی هیچ دەسەڵاتێك لەسەریەوە نەبێت و بێ چاودێری و راوێژ و لێپرسینەوە کۆمەڵێك کاری گرنگ و هەستیار دەگرێتە دەستی خۆی، خەریکە بە ناوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە، نوسینگەی سەرۆك وەزیران جێگەی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری بگرێتەوە، بێگومان ئەم بۆچوونە هەر لە خۆمانەوە و بێ بنەما نایڵێین، لە ژمارەکانی پێشووی گوڵاندا بەرێز سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق ئەوەی پێراگەیاندین کە ئەوان ئاگاداری فەرمانەکانی سوپا نیین لە پارێزگای دیالە و فەرمانەکان راستەوخۆ لە نوسینگەی تایبەتی سەرۆك وەزیران دەردەچێت و ئەوان وەك وەزارەتی بەرگری تەنها کاریان ئەوەیە ئیشوکارە تەکنییەکانی سوپا هەڵبسوڕێنن، هەفتەی رابردووش لەمیانەی بەدواداچوونێکی گوڵاندا لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەنجومەنی سەحوەکان، لایەنی سوننە گلەیی ئەوەیان دەکرد، کە بەفەرمانی تایبەتی نوسینگەی سەرۆك وەزیران خەڵك لە ناو سەحوەکان دەستگیر دەکرێت و پاشان هەندێکیان لە لایەن سوپای ئەمریکاوە ئازاد دەکرێن .

ئەم هەفتەیەش دیسان لە بەدواداچوونی گوڵان لەسەر ئەنجومەنەکانی ئیسناد و لە میانەی خوێندنەوەمان بۆ بەیانەکەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، خەریکە رەفتارەکانی نوسینگەی سەرۆك وەزیران سەرلەبەر هەموو هاوکێشە و هاوپەیمانییەکانی عێراق دەگۆڕێت و هەوڵدەدات ئەوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە تێکڕای گەلانی عێراق بۆ دیموکراتی و بونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدرالی هەمووی لەدەست دەچن و، تاکڕەوی و مەرکەزییەت جێگەیان دەگرێتەوە .

ئەوەی جێگەی داخە لە پاساو هێنانەوە بۆ ئەم رەفتارانە کەبەشی زۆریان دەستوری عێراق پێشێل دەکات ئاماژە بەوە دەکرێت، لایەنە سیاسیەکانی وەك هاوپەیمانی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵا و ڕێکخراوی بەدر نایەنەوێت حکومەتی عێراق و سوپای عێراق بەهێز بێت، لە کاتێکدا هەموو ئەندامانی هاوپەیمانی نێوان کورد و شیعە کە چوار لایەنە سەرەکییەکەی پرۆسەی سیاسی عێراق پێکدەهێنن لە پێناوی:

-١ بونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای فرەیی و فیدراڵی و دیموکراتی وپەرلەمانی.

-٢ ڕێگرتن لە تاکڕەوی و دیکتاتۆری




خەباتیان کردووە و قوربانیان داوە، بەتایبەتیش کە کورد بە ویستی خۆی بریاریداوە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتی بمێنێتەوە و لە پێناوەشدا گەورەترین قوربانیداوە و بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراقیش هەموو هەوڵی توانای خۆی خستۆتە گەڕ، بۆیە دیسان دووپاتی دەکەینەوە پێمان سەیرە کاتێك گوێبستی ئەوە دەبین، کورد نایەوێت حکومەتی عێراق بەهێز بێت یان نایەوێت سوپای عێراق بەهێز، ئەمە لە کاتێکدا راستییەکان بە جۆرێکی دیکەن و دەکرێت راشکاوانە ئاماژەیان پێبکەین:

١- بەڵی راستە نەك هەر کورد بە ڵکو تێکرای ئەو پێکهاتەو لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئەوانەی لە پێناوی بونیادنەوەی عێراقدا خەباتیان کردووە و قوربانیان داوە، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە عێراق خاوەنی حکومەتێکی دیموکراسی و فیدرالی بەهێز بێت و هەرگیز پشتگیری لە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز ناکەن کە سەرتاپای مێژووی عێراق لە ژێردەسەڵاتی حکومەتە مەرکەزیەکاندا مێژوویەکی خوێناوی بووە.

٢- گەلی کوردستان لەگەڵ دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیرین، بێگومان دڵنیاین لایەنەکانی دیکەش لە باشور و ناوەڕاست هەمان هەڵوێستیان هەیە و هەوڵ بۆ دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری دەدەن، مێژووی ٥ساڵی دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن ئەو راستییە زۆرباش دەخاتە روو، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەك هەر لە سنوری ئێستای هەرێمی کوردستاندا توانیویەتی ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات، بەڵکو لە زۆر شوێنی دیکەش بە تایبەتی لە موسڵ ودیالە و بەغداش هاوکاری سوپای عێراق بووە و بەشدارییەکی بەرچاوی لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری زۆربەی ناوچەکانی عێراق کردووە و خۆشی بە بەرپرس زانیوە بۆ ئاسایش و سەقامگیری عێراق و بە سەدان شەهیدیشی لەم پێناوەدا داوە، بەڵام دیوەراستەکەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کورد و لایەنەکانی دیکە دەکرێت ئەوەیە، کە کورد و لایەنەکانی دیکە لەگەڵ سوپایەکی بەهێزی نیشتمانین، بەڵام هەرگیز لەگەڵ سوپایەك نین رەفتارەکانی سوپای پێشوو دووبارە بکاتەوە یاخود هەوڵبدات بە ناوی پرۆسەی دابینکردنی ئاسایش و چەسپاندنی یاساوە ناوچە ئارامەکان بشێوێنێت و دەسەڵاتی عەسکەرتاری جێگەی یاسا و نیزام بگرێتەوە.؟

### ئەم شێواندنە بۆ؟

ئەوەی زیاتر لەم قۆناخەدا بەرێز د.مالکی والێکردووە ئەم سیاسەتەی ئێستای بەراست بزانێت و هیچ باکی بە رەخنەو هەڵوێستی لایەنەکانی دیکە نەبێت، بێگومان هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی و دراوسێی و سیاسەتی ئەمریکایە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

حاڵی حازر دەوڵەتانی عەرەبی و دراوسێکانی عێراق هەریەکەیان مەرامێکیان بەم سیاسەتەی د.مالکی هەیە، راستە لە بەشێکیدا بە زیان بۆ بەرژەوەندی کورد دەشکێتەوە، لەسەر ئاستی رەهەندی دوورمەودا لەبەرژەوەندی حکومەتەکەی مالکیی و حزبی دەعواش نابێت، بەڵام وەك تێڕوانینێکی کاتی و بۆ قۆناخێکی دیاریکراو لەبەرژەوەندی د.مالکییە، سەبارەت بە ئەمەریکاش کە لەم قۆناخەدا بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە سیاسەتەکانی مالکیی دەکات، بێگومان دەبێت هەموومان لەو راستیە تێبگەین، کە ئەمریکا لەم قۆناخەدا و تاوەکو تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە مانگی نۆڤمبەری دادێ، لەسەر هەمان هەڵوێستی خۆی دەبێت و پێشبینی دەکرێت گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ روونەدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمەریکا هەوڵدەدات لەم قۆناخە ئەو رووەی عێراق پیشانی رای گشتی ئەمریکا بدات، کە باردۆخی ئێستای عێراق بەرەو سەرکەوتن دەروات، بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم بۆچوونە، راستەوخۆ دبلۆمات و راوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ویلیام پۆلاك بۆ ئەم راپۆرتە دەست دەخاتە سەر برینی ئەم مەسەلەیە و ئاماژە بەوە دەکات، ئەوەی میدیاکانی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق بڵاوی دەکەنەوە، دوورە لە واقیعەوە سیاسەتی ئەمەریکاش لە عێراقدا سیاسەتێکی کورت بینانەیە، هەر ئەمەشە ئایندەی عێراقی مەترسیدار کردووە،

بۆ زیاتر بە دواداچوونی ئەم پرسە گرنگە چەند دبلۆمات و پشپۆڕیك بەشداریان کردوین کە ئەمە بۆ چوونەکانییانە.

**ئەمریکا لەم قۆناخەدا و تاوەکو تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە مانگی نۆڤمبەری دادێ، لەسەر هەمان هەڵوێستی خۆی دەبێت و پێشبینی دەکرێت گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ روونەدات**

**سیاسەتی ئەمەریکاش لە عێراقدا سیاسەتێکی کورت بینانەیە، هەر ئەمەشە ئایندەی عێراقی مەترسیدار کردووە**

**دەڤید پاتێل**
**پسپۆر تایبەتمەند لەسەر دۆسێی عێراق بۆ گوڵان:**

# جێگەی سەرسوڕمانە هەتا ئێستا ئیئتیلافی شیعە لەبەریەکهەڵنەوەشاوە



**پرۆفیسۆر داڤید پاتێل ئوستادی حکومڕانییە لە زانکۆی کۆرنێل و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی عێراق و، رۆڵی ستراتیژی ئایین لە دەوڵەتانی ئیسلامیدا ، ماوەیەکیش وانەبێژ بووە لە زانکۆی ئەمەریکا لە بیروت و، لەساڵی ٢٠٠٧ یشەوە وەك توێژەرێك لە سەنتەری ئاسایش و هاریکاری نێودەوڵەتی لە زانکۆی ستنافۆرد کاردەکات، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق و دوایین گۆڕانکاریەکان، پرۆفیسۆر باتێڵ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

### چەکدارکردنی هۆزەکان
### دەبنە هەڕەشە بۆ سەر حکومەتی مالکی

*** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرقاڵکردنی چەکدارکردنی هۆز و عەشیرەتەکانە و بە هۆز سوننەکانەوە دەستی پێکردووە، ئەمەش هەلومەرجێکی سەربازی مەترسیداری خوڵقاندووە، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئامانجی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوڵقاندنی بارودۆخێکە کە یارمەتیدەر بێت بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا، کاتێك لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧دا دەستی بە پیادەکردنی ستراتیجییەتی زیادکردنی هێزەکانی کرد لە عێراقدا، لەو چوارچێوەیەدا ئەنجوومەنەکانی سەحوە پێکهات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو یاخیبونەوەی لە ئارادابوو، لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئاستی توند و تیژی بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەوە، ژمارەی هێرشەکان بۆ سەر سەربازانی ئەمەریکا، بۆ سەر خەڵکی مەدەنی عێراق و ژمارەی هێرشە خۆکوژییەکانیش بە رێژەیەکی بەرچاو دابەزی، واتە هێزەکانی ئەمەریکا رێگەی بە ئەندامانی هۆزەکاندا بۆ ئەوەی خاڵی پشکنین دابنێن و کاری پشکنین ئەنجام بدەن، بەڵام زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین چی روودەدات کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵن و بەرپرسیارێتی ئەم ئەنجوومانەی دەگوزارێتەوە بۆ حکومەتی عێراقی؟، لەبەرئەوەی ئەم ئەنجوومەنانە بە هەڕەشە دادەنرێن لەسەر مالیکی و حکومەتی ناوەندی و هەروەها لە سەر ئەو لایەنە سوننانەی پێشتر بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد و ئێستا لە پەرلەماندان، وەك بەرەی تەوافوق.

*** شیعەکان زۆرینەن لە عێراقدا، لەم روانگەیەوە ئایا چەکدارکردنی سوننەکان بۆ ئەوە نییە رێگە لە شیعەکان بگیرێت بۆ ئەوەی نەتوانن دەسەڵات کۆنترۆڵ بکەن و دەستڕۆیشتویی ئێران لە عێراقدا نەچەسپێنن؟**

- ئێران عێراقی داگیرنەکردووە، مەسەلەکە ئەوەیە هەندێ لە لایەنە شیعەکان پەیوەندیگەلێکی نزیکیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، راستە هەندێ لایەنی شیعە پێشتر لە مەنفادا پشتیان بە ئێران دەبەست، بەڵام ئێستا جڵەوی حکومڕانێتیان بەدەستە و ناچارنین پشت بە ئێران ببەستن. وەسفێکی وورد نییە ئەگەر بڵێین ئێران کۆنترۆڵی تێکڕای شیعەکانی عێراقی کردووە. لە لایەکی دیکەوە چەکدارکردن و بەهێزکردنی هۆزە سوننەکان بۆ دروستکردنی هاوسەنگیەك نییە لە بەرامبەر دەستڕۆیشتویی شیعە و ئێراندا، بەڵکو دەبێت لەو چوارچێوەیەدا لێی بڕوانین کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەوڵ و کۆششیدا بۆ دابەشکردنی و کەرتکردنی ریزەکانی بزووتنەوەی یاخیبوون ئەم کارەی ئەنجامدا، ئامانجی ئەمەریکا دروستکردنی درز و کەلێن بوو لە نێو رێزەکانی یاخیبووندا و هەوڵیدا دابەشیان بکات بۆ یاخیبوونی نیشتمانی و یاخیبوونی رێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوەکان وەك ئەلقاعیدە، لەم رێیەوە سەرکەوتووبوو لەوەی سەرقاڵیان بکات بە شەڕی یەکترییەوە و لەم رووەوە هاوکاری هۆزە سوننەکانی کرد، بەڵام ئەمەش باجی خۆی هەبوو، لەبەرئەوەی حاڵی حازر ئایندەی ئەم ئەنجوومەن و چەکدارانە دیار نییە و نازانرێت حکومەت بە چ شێوەیەکی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بە تایبەتی کە داوا دەکرێت ئەم چەکدارانە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە مووچەیان بۆ دابین بکرێت و ئاوێتەی هێزە ئەمنییەکانی وڵاتە بکرێن، حکومەتیش لەم رووەوە دوو دڵە. لە لایەکی دیکەوە هەرگیز هۆزە سوننەکان بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوویان پێك

نەهێناوە کە ناسنامەیەکی سوننی هەبێت و ناتوانین لەم چوارچێوەیەدا چەکدارکردن و بەهێزکردنی خێڵە سوننەکان وا لێکبدەینەوە کە بۆ ئەوەیە بەرەنگاری ئیئتیلافی یەکگرتوی عێراق ببنەوە.

*** لە بری ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق بگەنە سازش و چارەسەرێکی مام ناوەندی ئەوا دژی یەکتری دەوەستنەوە، تەنانەت ناکۆکی لە نێو خودی پێکهاتەیەکیشدا بەی بەدی دەکرێت، بۆ نموونە باس لە ئەگەری هەرەسهێنانی ئیئتیلافی یەکگرتوویی عێراقی دەکرێت، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- لە راستیدا هەرەس نەهێنانی ئەم ئیئتیلافە تا ئەم ساتەوەختەش جێی سەرسورمانە، لەبەرئەوەی زۆر باس و پێشبینی دەربارەی لەبەریەکهەڵوەشان و لێکترازانی ئەم کوتلەیە دەکرا، بەڵام تا ئێستا ئەوە رووینەدا و سەرەڕای ناکۆکییەکانی لەگەڵ رەوتی سەدر و حزبی فەزیلە، بەڵام هێشتا هەرەسی نەهێناوە. حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی باش ئەو راستییە دەزانن بە کۆتای پێهاتنی ئەم هاوبەندیە ئەوان ناتوانن لەو پێگە بەهێزەی ئێستادا دەبن، لێکترازانی ئەم هاوبەندیە کاریگەری خراپی لە سەر ئەو دوولایەنە دەبێت و، دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەڵوێستییان لە رووی سیاسی، مەحەلی و لە رووی هەڵبژاردنەکانەوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە رەنگە پەرتبوونی ئەم هاوبەندییە کاریگەری سلبی لێنەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی بۆی هەیە سەر بکێشێت بۆ دروست بوون و پێکهێنان و سەرهەڵدانی هاوپەیمانێتی لە نێوان چەند لایەنێکی شیعە و سوننەکاندا کە تێڕوانینیان لە یەکەوە نزیکە، یاخود بۆی هەیە لە سەر ئاستی ناوچەی هاوپەیمانێتی دروست بێت.

*** لە عێراقدا بارودۆخێکی مەترسیدار دروست بووە، لەبەر ئەوەی نزیکەی هیچ لایەك باوەڕی بە گفتوگۆ و سازشکردن نەماوە و جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان شیعە و سوونەکاندا هەیە، ئایا هیچ دەرفەتێك لە بەردەم عێراقدا هەیە بۆ ئەوەی وەك دەوڵەتێکی یەکگرتو بمێنێتەوە؟**

- من پێموایە مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی و یەکپارچەی لە بەرژەوەندی خودی عێراقییەکان خۆیان، دەوڵەتە دراوسێکان و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدایە، ئەگەرچی خاوەنی حکومەتێکی مەرکەزی لاوازیش بێت و دەسەڵات لە لایەن حکومەتە مەحەلییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ نموونە کوردەکان لە باکوور، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە شارەکانی باشوور و رەوتی سەدر لە مەدینە سەدر، بەڵام خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە پرۆسە سیاسییەکە هەرەس بهێنێت و حکومەتی مەرکەزی شکست بخوات، بەڵام هێشتا وڵاتەکە لە گۆشەنیگای نێودەوڵەتییەوە وەك دەوڵەتێکی یەکگرتو بمێنێتەوە، بەڵام ناوچە جیاوازەکان لە لایەن دەسەڵاتە جیاوازەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن، بە چەشنی ئەوەی لە سۆماڵدا بەدی دەکەین.

## چەکدارکردنی هۆزەکان
## دووبارکردنەوە مێژووی رابردووی عێراقە

*** هەندێ لە چاودێران پێیان وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەمان ئەزموونی ئەفغانستان دووبارە دەکاتەوە لە چەکدارکردنی سوننەکاندا، لێکدانەوەی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- من پێموانییە ئەم دووبارە کردنەوەی ئەزموونی ئەفغانستان بێت، بەڵکو ئەمە دووبارە کردنەوەی مێژووی عێراق خۆیەتی، بۆ نموونە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوودا بەریتانییەکان هەڵسان بە چەکدارکردنی هۆزە سوننەکان و پێگەیەکی تایبەتیان بە شێخی ئەو خێڵانە بەخشی و جۆرێك لە دەسەڵاتی سەربازیان پێدان، ئەمەش یارمەتی بەریتانییەکانی دا بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوردرێژ لە عێراقدا بمێننەوە، بە هەمان شێوە سەددامیش لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە ئەم کارەی دووبارە کردەوە و دەسەڵاتی پێدان بۆ پاراستن و سەپاندنی یاسا و نیزام لە ناوچەکانی خۆیاندا. ئەم ستراتیجییەتە سەرکەتووبووە لە سەپاندنی ئاسایش و پاراستنی ئارامی لەو ناوچانەدا کە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی تێدا نەبووە، بۆ نموونە کاتێك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەڵسا بە بەهێزکردنی هۆزە سوننەکان توانرا ئاسایش لە پارێزگای ئەنبار و هەندێ ناوچەی دیکەدا سەقامگیر بێت، بەڵام ئەمە لە رابرووودا درێژەی نەکێشاوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا وورده وورده دەسەڵاتی ئەم هۆزانەش پاشەکشە دەکات، بۆ نموونە حاڵی حازر حکومەتی عێراقی سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی میلیشیاکان و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیەتی بەسەر تێکرای عێراقدا.

***ئەی بۆچی ئەمەریکا پشتگیری لە کوردەکان ناکات بە لای کەمەوە بۆ رێگەگرتن لە گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ وڵاتەکەدا؟**

- دەبێت جۆری پشتگیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کوردەکان دیاری بکەین، ئایا ئەمەریکا پاڵپشتی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەکات، ئەوە زۆر زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە یارمەتیدانی کوردەکانەوە هەبێت، ئەوا گەشەکردنێکی ئابووری هەیە لە کوردستاندا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمەریکا رێگەی بە مانەوەی بە میلیشیا کوردیەکاندا، مەبەستم لە هێزەکانی پێشمەرگەیە، کوردەکانی ناچار نەکرد ئاوێتەی بەشەکانی دیکەی عێراق بێت و هێزێکی گەورەی ئەمەریکی لە کوردستاندا جێگیر نەکرد و رێگەی دا کوردستان نیمچە سەربەخۆ بێت و پەرە بستێنێت.

***ئەی بۆچی پشتگیری کوردەکان ناکات لە رووی جێبەجێکردنی دەستورەوە؟**

- کاتێ باس لە بەهێزکردنی هەرێمەکان دەکرێت، چەند مەسەلەیەك هەیە دەبێت یەکلابکرێنەوە، نەك تەنها ئەوەی کوردستان لە بەرامبەر حکومەتی مەرکەزیدا چەندی دەسەڵاتی دەبێت، بەڵکو پێویستە ئەوەش یەکلابکرێتەوە کە چ ناوچەگەلێك دەتوانن ئاوێتەبن و هەرێمێك پێك بهێنن، ئایا دەتوانرێت لە سەر بنەمایەکی ئەتنی هەرێمەکان پێك بهێنرێن یان نا. بەو پێیە مەسەلەکە تەنها پەیوەست نییە بە کوردستانەوە، فشارنەکردن لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ هێنانەدی دەرئەنجامێکی دیاری کراو بەو مانایە نایەت ئەمەریکا پشتگیری لە کوردەکان ناکات، بۆ نموونە چەندین بڕگەی دەستووری دیکە هەن کە تا ئێستا جێبەجێ نەکراون. لە بنەڕەتدا ئامانجی ستراتیجییەتی زیادکردنی هێزەکان خوڵقاندنی دەرفەتێك بوو بۆ سیاسییەکان بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەگەلێکی دیاری کراو کە هەندێکیان مەسەلەی گەورە و بنەڕەتین بە لای کوردەکانەوە.


بەرپرسانی ئەمەریکا لەو باوەڕەدان دەبێت دەرفەت بە خودی عێراقییەکان خۆیان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن ناسنامەیەکی نەتەوەی بۆ خۆیان بنیات بنێن و کێشە دەستوورییەکان یەکلابکەنەوە، وەك کێشەی کەرکوك و پەیوەندی هەرێمەکان بە دەسەڵاتی مەرکەزییەوە، ئەوە بەرپرسیارێتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نییە، ئەمەریکا بە بارودۆخێکی ئابووری سەختدا تێدەپەڕێت و ناتوانێت بە چەشنی چەند ساڵی رابردوو بایەخ بە کێشەکانی عێراق بدات، ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی عێراقییەکان خۆیان.

**مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی و یەکپارچەی لە بەرژەوەندی خودی عێراقییەکان خۆیان، دەوڵەتە دراوسێکان و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدایە، ئەگەرچی خاوەنی حکومەتێکی مەرکەزی لاوازیش بێت و دەسەڵات لە لایەن حکومەتە مەحەلییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت**

**ئەمەریکا کوردەکانی ناچار نەکرد ئاوێتەی بەشەکانی دیکەی عێراق بێت و هێزێکی گەورەی ئەمەریکی لە کوردستاندا جێگیر نەکرد و رێگەی دا کوردستان نیمچە سەربەخۆ بێت و پەرە بستێنێت**

بالیۆز مایکل نۆڤاك بۆ گوڵان:

# کوردەکان بێ پێچ و پەنا پەرۆشی بەدەستهێنانی ئازادین و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن لە ئاست دامەزراوەکانیاندا



بالێـوز مایـکل نۆڤاك کە ئێستا توێژەرە لە ئامۆژگای ئەمریـکان ئەنترپرایـس و لە سـاڵی ١٩٨٠ باڵیۆزی ئەمریکا بـووە بۆ کاروباری مافی مـرۆڤ لە بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لە ژنێڤ، لـە سـاڵی ١٩٨٤-١٩٨٠ راوێژکاری ئۆفیش کاروباری ئەتنـی بووە لە کۆشـکی سـپی و تا ساڵی ٢٠٠٢ش ئەندامی بۆردی پەرەپێدانی دیموکراسی بووە.

نۆڤـاك یەکێـك بـووە لەو چالاکانەی لە ساڵی ١٩٧٠ داوای کـردووە، پێویسـتە ئۆفیسـێك لـە کۆشـکی سـپی بۆ کاروباری ئەتنی دابمەزرێت و پاش ئەوەی ئەم ئۆفیسە دامەزرا، ماوەی ٦ ساڵ راوێژکاربووە.

باڵیوز نۆڤـاك لەبەر ئەوەی تایبەتمەندە لەسەر ئازادی و کەلتوری ئازادی، دان بەوەدا دەنێـت کورد بێ پێچ و پەنا خوازیاری ئازادین و هەست بـە بەرپرسـیایەتی دەکەن، سـەبارەت بـە بارودۆخی ئەمرۆی عێراقیش دیسـان راشـکاوانە ئامـاژە بـە گوتەیەکی بنجامین فرکلین دەکات کە لەشەری ناوخۆی ئەمریـکادا ئاراسـتەی ئەمریکییەکانـی کردووە و گوتویەتـی (ئەگەر پێکەوە نەژیـن دەبێـت جیابینەوە) بۆیە راشکاوانە دەست دەخاتە سـەر برینەکانـی عێراق و دەڵێت ئەگەر عێراقییەکانیش نەتوانن پێکـەوە بژین ئەوا دەبێت جیاببنـەوە، ئەمەش دەقی بیرو بۆچونەکانییەتی کـە تایبـەت بـۆ گوڵان دەربیبریوە.

**گرنگترین ئەرکی ئەم قۆناخە بۆ ئەمریکا ئەوەیە یارمەتی عێراقییەکان بدات بۆ ئەوەی کۆمارێکی فیدرالی دابمەزرێنن**

*** چۆن بارودۆخی ئێسـتای عێـراق و سـتراتیژیەتی ئەمەریکا هەڵدەسەنگێنیت؟ چۆن ئایندەی عێراق دەخوێنیتەوە؟ ئایا گەشبینیت بە دوارۆژی ئەو وڵاتە؟**

-کلیلی سـەرەکی بۆ تێگەیشـتن لە تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتی بریتییـە لە بیرۆکەی ئازادی، مافی چارەی خۆنووسـین و مافی سەربەخۆ بوون لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان خۆت. هەموو مرۆڤێکی کامڵ درەنگ یان زوو دەبێت بەرپرسـیارێتی ژیان و چارەنووسـی خـۆی بگرێتە ئەسـتۆ. کەواتە نابێت تێڕوانینی «گەشـبینانە» بۆ ئاینـدەی ئـازادی بەکاربهێنین، لە کاتێکدا ئـەم بیرۆکەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بڵاودەبێتەوە، بەڵکو دەبێت تێڕوانینێکی «واقیعیانە»مان هەبێت.

مرۆڤبـوون بە مانای ئەوە دێت کە ئازاد و بەرپرسـیاربین. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا رووخاندنی رژێمەکەی سـەددام کارێکـی پێویسـت بوو، لەبەر ئـەو کارە دڕندانـەی ئەنجامیدا و ئامادەبوو ئەنجامیان بدات، هەروەها بە هۆی ئەو رۆڵە تێکدەرانەی لە کاروباری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەیبینی. هەنگاوی دووەم بریتیی بوو لە شکسـتپێهێنانی ئەلقاعیدە لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی (هەروەك پێشـبینی دەکرا) بڕیاریدا عێراق بکاتە گۆڕەپانی سەرەکی شەڕ لە نێوان تیرۆریسـتان، ئەوانەی لە گـەڵ دیکتاتۆرییەت و ئازاردانی خەڵکیدان لەگەڵ ئەوانەی خوازیاری ئازادین. لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، دوای چەندین شکسـت، عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توانییان ئەلقاعیدە لە رێکخراوێکی بەهێز و دەستڕۆیشتووە بکەنە رێکخراوێکی لاواز. گرنگترین قۆناغی ئەم تێکۆشانە بریتییە لە یارمەتیدانی خەڵکی پەرۆشـی عێراق بـۆ بنیاتنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە شـێوەی نەتەوەیەکدا کە لـە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیـدا کاروباری خۆیان رێکبخەن. « کۆمارێکی فیدراڵی» بە چەشـنی ئەڵمانیا و هەندێ لە وڵاتانـی دیکە. بەڵام عێراقییەکان خۆیان بڕیار لە سەر فۆرم و شێوەی حکومەتەکەیان دەدەن. بەرژەوەندی ئەمەریـکا لە یارمەتیدانـی عێراقییەکاندایە بۆ ئەوەی کۆمارێکی نـوێ، کۆمارێکی دیموکراتی بنیات بنێـن و بتوانن پەرە بە خۆیان بدەن و خۆیان بەهێز بکەن. بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە دەرئەنجامی شۆڕشگێڕانەی بۆ ناوچەکە و تێکڕای عێراقییەکانیش لێدەکەوێتەوە. هەرگیز شـەڕ لە نێوان وڵاتە دیموکراسییەکاندا روونادات، بەو پێیە عێراقێکی دیموکراتی دەبێتە سـەرچاوەی ئاشـتی و هەسـتکردن بە بەرپرسـیارێتی لە لایەن وڵاتانی ناوچەکـە. خەڵکانێك زۆر لە ناوچەکەدا پەرۆشی بەدەست هێنانی ئازادین، بەڵام حکومەتەکانیان رێگرن.

**دیموکراتییەت ئەرکێکی ئاسان نییەو پێویستی بە پەروەردەیەکی دورودرێژ هەیە**

*** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرقاڵکردنی چەکدارکردنی هۆز و عەشـیرەتەکانە و بە هۆز سوننەکان دەستی پێکردووە، حاڵی حازر حزبی دەعوە کە لە دەسەڵاتدایە هەوڵی چەکدارکردنی هۆزە سوننەکان دەدات، ئەمەش هەلومەرجێکی سـەربازی مەترسیداری خوڵقاندووە،**

**ئایا ئەمە چ ئاکامێکی دەبێت لە سەر ئایندەی عێراق؟**

- مـن شـارەزای سیاسـەتەکانی چەکدارکردن نیم لـە عێراقدا، بەڵام وەك فەیلەسـوف و شارەزایەك لە زانسـتی خوداناسیدا، ئەوا بەلەبەرچاوگرتنـی ئەو هێـرش و پەلامارە دڕندانـەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دژی کورد، شـیعە و سـوننەکانی کردی، ئەوا پێویستە یارمەتی تێکڕای بەشـەکانی عێراق بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن شەڕی ئەم ڕێکخراوە بکەن.

دیموکراسـی تەنیا شـێوەی حکومڕانیکردن نییـە، بەڵکو بریتییە لـە کەلتوور و کۆمەڵـە بەهایەك، لە نێو ئـەو بەهایانەدا ئامادەی بۆ سازشـکردن لە پێناو بەرژەوەنـدە باڵاکاندا، هیچ لایەك تێکڕای داخوازییەکانی بەدەسـت ناهێنێت، دەبێت هەموو لایەك دەسـت لە بەشێکی داخوازییەکانیان هەڵبگرن، بەڵام لە دەرئەنجامدا سازشکردن لە بەرژەوەندی هەموو لایەك دەشـکێتەوە. یەکێکی دیکە لە بەهاکان بریتییـە لە هاوکاری کـردن، بۆ نموونە دەکرێت کورد و شـیعە و سوننەکان لە کاتی پێویسـتدا هاوکاری یەکتر بکەن و لە بارودۆخە سەختەکاندا ژیانی خۆیان لە پێناو یەکتریدا بکەنە قوربانی لە کاتی بەرەنگاربونەوەی دوژمنێکی هاوبەشـدا. هەروەها هاوکاری کردن لە کاتی ئاشتیدا دەبێتە هۆی باشترکردنی گوزەرانی هەژار و نەدارەکان لە تێکـڕای عێراقدا. بە دیموکراتیکردنی خەڵك ئەرکێکی ئاسـان نییەو پێویسـتی بە پەروەردەیەکی دوورودرێژ هەیە. من بانگەشەی ئـەوە ناکەم ئێمە لە ئەمەریـکا کۆتاییمان بە ئەرکی پەروەردەکردنی خەڵکی هێناوە لەسەر بەها دیموکراسییەکان، دەبێت درێژە بەم خەبات و تێکۆشانە بدەین و بەرەوپێشچەوە بچین.

## بنجامین فرانکلین دەڵێت: یان دەبێت یەکدەنگ و یەک هەڵویست بین، یان دەبێت جیاببینەوە

*** لە عێراقدا بارودۆخێکی مەترسـیدار درووست بووە، لەبەر ئەوەی نزیکـەی هیچ لایەك بـاوەڕی بە گفتوگۆ و سازشـکردن نەماوە و جیـاوازی و ناکۆکـی لە نێو خودی شـیعەکاندا هەیە، هەروەها سوونەکانیش هەڕەشە دەکەن، ئایا هیچ دەرفەتێك لە بەردەم عێراقدا هەیە بۆ ئەوەی وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئەگەر جۆرێك لە ڕووبەڕووبونەوە لە نێو عێراقییەکاندا سەری هەڵدا؟**

- ئەوە ڕاستە عێراق بە بارودۆخێکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت، هەمیشە ئەم مەترسـییە لە سـەرەتای خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و دیموکراسـیدا لە ئارادایە. لەبەر ئـەوە هەنگاوێکی زۆر گرنگە ئەگەر هەموو لایەك بگەنە ئەو قەناعەتەی کە پێویسـتە هاوکاری یەکتر بکەن و سـازش لە گـەڵ یەکدا بکـەن. نابێت هیچ لایەك پێداگیری بکات لەسەر بەدەستهێنانی تێکڕای داخوازییەکانی، دەبێت هەر لایەك دەسـت لە هەندێ داواکارییەکانی هەڵبگرێت بۆ ئەوەی بگەنـە ڕێککەوتنێك لە گەڵ لایەنەکانی دیکەدا، ئەو ڕێککەوتنەی کە هەموو لایەك بەشـێکی لە داخوازییەکان لە دەست دەدات، بەڵام تێکڕای داخوازییەکان لە دەست ناچێت. دەکرێت دوای سێ یان چوار سـاڵی دیکە لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە پێداچونەوەی پێدابکەنەوە و دەستکاری ناوەڕۆکەکەی بکەن بۆ ئەوەی هەموو لایەك ڕازی بکات و بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەك بهێنێتەدی.

من زۆر ئاسـودەبووم کاتێك تێکڕای عێراقییەکان خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی کاتێك هەڵبـژاردەی تۆپی پێی وڵاتەکەیان لە پاڵەوانێتی ئاسیادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەوە ڕۆژێکی مەزن بوو بۆ یەکێتی نەتەوەیی. بەڵام دەکرێت سوود لەو ئەزموونەی ئەمریکاش وەربگیرێت .، لە کاتی شـەڕی سـەربەخۆی ئەمەریـکادا (١٧٧٥-١٧٨٣)، گەورەترین مەترسـی بریتیی بوو لە دابەشـبوونی ئەمەریکییەکان، باشوورییەکان دژی باکورییەکان، ڕۆژئاواییەکانیش دژی هەردوولایان. یەکێك لە کەسـایەتییە مەزنەکانی ئەو سەردەمە بنجامین فرانکلین، قسەیەکی لەم چەشنەی کرد، یان دەبێت یەکدەنگ و یەك هەڵویست بیـن، یان دەبێت جیاببینەوە. گرنگترین ئامانج لەو کاتەدا بریتی بوو لە یەکێتی، لەبەر ئەوەی بێ بوونی یەکێتی هەموو شـتێك لە دەست دەچـوو، خوێنرێژیەکی بێ کۆتایی بەرپا دەبوو و نەوە لە دوای نەوە درێژەی دەکێشا.

*** هەنـدێ لە چاودێران پێیان وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەمان ئەزموونی ئەفغانسـتان دووبارە دەکاتـەوە لە چەکدارکردنی سوننەکاندا، لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ئەوەی ئەمەریکا پەرۆشـە لە عێراقدا بەدەسـتی بهێنێت بریتییە لـە نەتەوەیەکی یەکگرتـوو کە پابەندبێت بـە هێنانەدی ئازادی و دادپـەروەری بۆ هەموان. ئەمە ئامانجی ئێمـە بوو لە ڕابردوودا، کاتێك ناتەبایی هەڕەشەی لەناوبردنی لێدەکردین. ئەگەر عێراقییەکان شەڕی یەکتری بکەن ئەوا یەکتر لە ناو دەبەن، لەوەش خراپتر ئایندەی پڕ لە ئاشـتی و ئاسودەیی منداڵەکانیشـیان لە ناودەبەن. ڕاستە لە بیرکردنی ڕق و ناکۆکییە کۆنەکان کارێکی دژوارە، بەڵام هەر دەبێت ئـەم قۆناغە تێپەڕێنین و لە یەکێتیدا بژین و حکومەتێکی نوێ پێك بهێنین.

*** لـە عێراقـدا تەنیا کـوردەکان خۆیـان بـە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا دەزانن، بەڵام ئەمەریکا پتر پشـت بە عەرەبەکان دەبەسـتێت، بۆچی ئەمەریکا پشـتگیری لە کوردەکان نـاکات بە لای کەمەوە بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ وڵاتەکەیان؟**

- زۆربەی ئەمەریکییەکان سوپاسـگوزاری کوردەکانن، لەبەر ئەوەی کوردەکان بێ پێچ و پەنا پەرۆشی بەدەست هێنانی ئازادین و هەست بە بەرپرسـیارێتی دەکەن لە ئاسـت دامەزراوەکانیاندا. من لە یەك شـت دڵنیام ئەگەر کـوردەکان نەتوان ڕێگەیەك بـۆ پێکەوەژیانی پـڕ لە هاوکاری کردن و گیانی سازشـکردن لە گەڵ برا سـوننە و شـیعەکانیاندا نەدۆزنەوە، ئەوا هیچ یەکێك لەو سـێ پێکهاتەیە ئایندەیەکی ئاسـودەیی نابێت. لەبەر ئەوەی یەکێتی چوارچێوەیەکی زێڕینە و خشڵی ئازادی دەپارێزێت.

*** هاوکێشـەی سیاسی عێراق تەنیا ئەلقاعیدە و ئێران نییە و دەبێت بایەخ بە بنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بدرێت لە عێراقدا، بۆچی ئەمەریکا ئەم لایەنەی پشتگوێخستووە لە عێراقدا؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاسـت و دروستە، کلیلی ڕاستەقینە بنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەییە. دەبێت کەلتووری یەکێتی، بەرپرسیارێتی و بەخشندەی هەبێت، بە پێچەوانەوە کۆمارێکی ئاشتیخواز_ئەگەرچی کۆمارێکی فیدراڵی بێت_ ناتوانێت درێژە بکێشـێت. ڕاستە دەبێت جەخت لەسـەر ئەم ئەرکە بنەڕەتییە بکەینەوە. هیچ ئەرکێکی تر لەم ئەرکە گرنگتر نییە.

مـن ئومێدەوارم ئەو پیاو و ئافرەتانەی بـە نییەت پاکییەوە هەوڵی بەدیهێنانـی یەکێتی دەدەن بۆ ئەوەی ببێتـە قەڵغانێکی گەورە بۆ پاراستنی ئازادی لە هەوڵ و قوربانیدانەکانیاندا سەرکەوتووبن.

●●●

**دیموکراسی تەنیا شێوەی حکومڕانیکردن نییە، بەڵکو بریتییە لە کەلتوور و کۆمەڵە بەهایەک، لە نێو ئەو بەهایانەدا ئامادەی بۆ سازشکردن لە پێناو بەرژەوەندە باڵاکاندا، هیچ لایەک تێکڕای داخوازییەکانی بەدەست ناهێنێت**

●●●


**ئەگەر عێراقییەکان شەڕی یەکتری بکەن ئەوا یەکتر لە ناو دەبەن، لەوەش خراپتر ئایندەی پڕ لە ئاشتی و ئاسودەیی منداڵەکانیشیان لە ناودەبەن**

●●●

**زۆربەی ئەمەریکییەکان سوپاسگوزاری کوردەکانن، لەبەر ئەوەی کوردەکان بێ پێچ و پەنا پەرۆشی بەدەست هێنانی ئازادین و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن لە ئاست دامەزراوەکانیاندا**

ویلیام پۆلک دیپلۆمات و
تایبەتمەند لەسەر دۆسێی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا سیاسیەتێکی کورتبینانەی هەیە بۆ عێراق و کێشەکان بە پەرەپێدانی بونیادی سەربازی چارەسەر ناکرێن



ویلیام پۆلك یەكێكە لە دیپلۆماتە دیارەكانی ئەمەریكا و لە ساڵی ١٩٦١ ەوە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا وەك ئەندامی ستافی پلاندانان كاری كردووە و تایبەتمەند بووە لەسەر پلاندانانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا بۆ وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست، لەشەستەكانیشدا یەكێك بووە لە ئەندامانی لیژنەی هێوركرنەوەی تەنگژەی رۆكێتەكانی سۆڤییەت لە كوبا .
پۆلك ئێستا لە فەرەنسا دادەنیشێت بەڵام یەكێكە لەوانەی كە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا راوێژی پێدەكرێت، سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریكا لە عێراق و كێشەو ناكۆكییەكانی عێراق گوڵان پەیوەندی پێوەكرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

*** چۆن ئایندەی عێراق دەخوێنیتەوە؟ ئایا گەشبینیت بە دوارۆژی ئەو وڵاتە؟**

- بارودۆخی عێراق بەو شێوەیە نییە كە لە رۆژنامەكاندا دەخرێتەروو، كێشەكە ئەوەیە چۆن بتوانین دووبارە عێراق پێكەوە پەیوەست بكەینەوە و ئاسایش بچەسپێنین و ئومێد بە ئایندە لای دانیشتوانی وڵاتەكە بچێنین، هەروەها هەلومەرجێك بخوڵقێنین كە هەموو لایەك بتوانین بەشداری لە پێناو پەرەپێدانی وڵاتەكەیاندا بكەن، بە دڵنیاییەوە لەم رووەوە پێویستمان بە پەرەپێدانی بونیادێكی سەربازی نییە.

*** تێڕوانین و لێكدانەوەی ئێوە لەسەر ئەو ناكۆكییە چییە كە پەیوەستە بە نیوانی پێكهاتە سەرەكییەكان؟**

-دەبێت عێراقییەكان جەخت لەسەر خستنەگەڕی هەوڵ و كۆششەكان بكەنەوە بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەكەیان و بۆ پەرەپێدانی هەلومەرجەكە بۆ ئەوەی دانیشتوانی وڵاتەكە بتوانن لە بارودۆخێكی باشتر و ئارامتردا بژین، كە بە داخەوە عێراقییەكان پێچەوانەی ئەمە كاریان كردووە و خۆیان بەو كێشانەوە سەرقاڵ كردووە كە سەردەكێشن بۆ دروستبوونی ناكۆكی و جیاوازی لە نێو كورد و شیعە و سوننەكاندا.

*** وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا سەرقاڵكردنی چەكداركردنی هۆز و عەشیرەتەكانە و بە هۆزە سوننەكان دەستی پێكردووە، حاڵی حازر حزبی دەعوە كە لە دەسەڵاتدایە هەوڵی چەكداركردنی هۆزە شیعەكان دەدات، ئەمەش هەلومەرجێكی سەربازی مەترسیداری خوڵقاندووە، ئایا ئەمە چ ئاكامێكی دەبێت لە سەر ئایندەی عێراق؟**

- وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا تێڕوانینێكی كورتبینانەی هەیە لەم رووەوە، لەبەر ئەوەی چەكداركردنی هۆز و خێڵەكان هیچ ئومێدێكی باشی لێناكرێت بۆ ئایندەی عێراق، لە راستیدا چەكداركردنی هەر لایەنێك لەم ساتەوەختەدا كارێكی خراپە و دەرئەنجامی باشی لێناكەوێتەوە. ئەوەی عێراق پێویستی پێیەتی بریتییە لەو خەڵكانەی ئامادەی بنیاتنانەوەی شارەكان و خستنەوەگەڕ و پەرەپێدانی ئابووری وڵاتەكەیانن، ئەوانەی پەرۆشی كردنەوەی نەخۆشخانە و قوتابخانەكان بۆ ئەوەی ژیانێكی باشتر و ئاسوودەتر بهێننەدی، بەڵام بنیاتنان و پەرەپێدانی هێزی سەربازی ئەم ئامانجانە ناهێنێتەدی، دواتر بە چ ئامانجێك ئەو هێزە سەربازییە پێك دەهێنرێت ئایا بۆ بەكارهێنانێتی دژی كوەیت، یان ئێران یاخود توركیایە؟
یەكێك لە دەرئەنجامە خراپەكانی داگیركردنی عێراق بریتییە لە قوڵبوونەوەی دابەشبوون و جیاوازی نێوان شیعە و سوننەكان، لە رابردوودا باس لە كێشە و ناكۆكی لە نێوان شیعە و سوننەكاندا نەدەكرا، ئەمانە بەرەوپێشچونی نوێن. من پێموایە ئەگەر شیعە و سوننەكان خوازیاری ئەوەن لە ئاسودەی و خۆشگوزەرانی و بەرەپێشچووندا بژین، ئەوا دەبێت پشتگیری یەكتر بكەن و پێكەوە كۆشش بكەن بۆ پەرەپێدانی وڵاتەكەیان، ئەمەش ئەركێكی ئاسان نییە، بەڵام ئەمە بەرپرسیارێتی شیعە و سوننەكان خۆیانە، لەبەر ئەوەی هیچ هێزێكی دەرەكی ناتوانێت لە بری ئەوان بەم كارە هەڵبستێت.

***باس لە ئەگەری هەرەسهێنانی ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراقی دەکرێت هەروەها حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی ناکۆك لە گەڵ یەکدا، چ ئایندەیەکی چاوەڕوانی عێراق دەکات ئەگەر ئەم ناکۆکییانە هەڵکشان؟**

- کێشە ئاڵۆزەکە ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە شیعەکان کرد لە دژی سوننەکان، بەڵام حاڵی حازر دابەشبوونێك لە نێو شیعەکاندا هەیە، هەندێکیان بەرهەڵستی ئەمەریکا دەکەن و ئەوانی دیکەش کە سوودمەند بوونە پشتگیری لە ئەمەریکا دەکەن. دەبێت لە عێراقدا ئاشتەوایی نیشتمانی بهێنرێتەدی، عێراق خاوەنی سەرچاوەگەلێکی زۆرە، خاوەنی خەڵکێکی ژیر و زیرەك و خوێنەوارە و دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی وڵاتەکە، بەڵام دەبێت عێراقییەکان خۆیان بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان، پێویستە بە سەر ناکۆکی و ناخۆشییەکانی رابردودا زاڵ بن، نابێت چاوەڕێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەن لە بری ئەوان ئەم کارە بکات، ئەمەریکا لەم رووەوە هێزێکی سلبیە نەك ئیجابی. لەبەر ئەوەی هێزی سەربازی ئەمەریکا نەیتوانی ئەم وڵاتە بنیات بنێتەوە، ئەمە ئەرکی سەر شانی خودی عێراقییەکان خۆیان، پێویستە ئەوان رێگەیەکی بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان بدۆزنەوە.

هەروەها دەبێت ئەوە بزانیین کێشەی ئەفغانستان لە کێشەی عێراق جیاوازە، ئەفغانستان وڵاتێکە لە چەند گرووپێکی جیاواز پێکهاتووە کە زمان و شێوە ژیانیان جیاوازە لە یەکتری، زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتەکە سوننەن و پەشتۆنەکان زۆرینەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێك دەهێنن کە لە باشووری وڵاتەکەدا نیشتەجێن. بە تێڕوانینی من دەبێت دەرفەت بە خەڵکی ئەفغانستان بدەین بۆ ئەوەی شێوە ژیان و چارنووسی خۆیان دیاری بکەن و لەم رووەوە خۆیان بڕیار لە سەر ئایندەی و داوڕۆژی خۆیان بدەن. ئەزموونی رابردوو سەلماندوویەتی دەستێوەردانی دەرەکی لە لایەن بەریتانییەکان، لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت و لەم دواییەشدا لە لایەن ئەمەریکاوە لە ئەفغانستاندا یارمەتیدەر نەبوونە، ئەمە راستییەکی بنەڕەتییە لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا، دەستێوەردانی دەرەکی دەرمان نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی ژەهراوی کردنی بارودۆخەکە. لەبەر ئەوە من دوپاتی دەکەمەوە دەبێت رێگە بدەین خۆیان بڕیار لە سەر ژیان و داوڕۆژ و چارەنووسی خۆیان بدەن، هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت لە بری ئەوان ئەم کارە بکات.

***ئەمەریکا لەدۆسیی عێراقدا، ئەولەویەتی داوە بە دەستێوەردانی ئێرانی و شەڕی دژەتیرۆر، بەڵام کێشەکانی عێراق هەر ئەوەندە نیین، بۆچی ئەمەریکا هەوڵنادات بایەخ بە کێشەکانی عێراق بدات؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە کاریگەری ئێرانەوە هەبێت لەسەر عێراق، ئەوا سەرەتا ئێران دەوڵەتێکی دراوسێی عێراقە و هەڵوێست و پێگەی مێژوویی و درێژخایەنی هەبووە لە عێراقدا، دواتر ئەو باس و خواسانەی دەربارەی تێوەگلانی ئێران دەکرێن لەو شەڕ و توندوتیژیانەی لە عێراقدا هەیە هێشتا روون نین. تێڕوانینی من ئەوەیە دەبێت لە عێراقدا پاشەکشە بکەین، بەڵام بە چەشنێك کاریگەری خراپی لەسەر دانیشتوانی وڵاتەکە نەبێت، واتە دەبێت لە عێراقدا بکشێینەوە، نەك دەستێوەردان لە ئێراندا بکەین، هەروەها دەبێت بە هەمان شێوە لە ئەفغانستانیشدا بکشێینەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کە گیروگرفت جێنەهێڵین بۆ ئەو وڵاتە.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیانوایە کوردەکان رۆڵی خۆیان لە عێراقدا لە دەست دەدەن و سوننەکانیش هەوڵی گەڕانەوە بۆ دەسەڵات دەدەن؟**

- ئەوە کێشەیەکە کاتێك پێکهاتەی جیاواز لە وڵاتێکدا دەژین دەبێت هاوسەنگی لە نێو ئەو پێکهاتانەدا بهێنرێتەدی. من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە دەبێت عێراقییەکان ئەو راستییەیان لەبەرچاوبێت کە دابەشبوونی وڵاتەکەیان مایەی کارەساتە بۆ هەموولایەك و خزمەت بە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکی عێراقی ناکات، ئەگەر عێراقییەکان بتوانن بە هاوکاری و تەبایی لە گەڵ یەکتردا کاربکەن، ئەوا دەتوانن گەشە بە وڵاتەکەیان بدەن ئایندەیەکی گەش بنیات بنێن، بەڵام جیاوازی و دابەشبوونیان کاریگەری خراپی لە سەر هەموو لایەك دەبێت.



●●●
**هێزی سەربازی ئەمەریکا نەیتوانی ئەم وڵاتە بنیات بنێتەوە، ئەمە ئەرکی سەر شانی خودی عێراقییەکان خۆیان، پێویستە ئەوان رێگەیەکی بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان بدۆزنەوە**
●●●

●●●
**چەکدارکردنی هەر لایەنێک لەم ساتەوەختەدا کارێکی خراپە و دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە. ئەوەی عێراق پێویستی پێیەتی بریتییە لەو خەنکانەی ئامادەی بنیاتنانەوەی شارەکان و خستنەوەگەڕ و پەرەپێدانی ئابووری وڵاتەکەیانن**
●●●

●●●
**ئەگەر عێراقییەکان بتوانن بە هاوکاری و تەبایی لە گەڵ یەکتردا کاربکەن، ئەوا دەتوانن گەشە بە وڵاتەکەیان بدەن ئایندەیەکی گەش بنیات بنێن**
●●●